کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 20-5-2007 16:19

## بە ئاگاداری دەسەڵات، جارێکی تر "دوعا" دەکوژنەوە ... نەجات ئەحمەد

یاسا سەروەرەو کچێکی بی تاوان وەکو مەسیح بەردباراندەکرێت و بەبی یاسا حوکمی سەرپانکردنەوەی



دەدەن، دەسەڵاتی کوردی چەندی ساڵە ووشەی ئازادی و سەربەستیمان پێدەفرۆشی وەکو ئەوەی خەڵکی بە کردەی هەموو دوعاکان نەزانێت، دەسەڵات لافی بەرقەراربوونی ئەمن و ئاسایشمان لەسەر لێدەدات وەکو ئەوەی خوێنی هەموو دوعاکانی پشتی سەیتەرەو سەر شەقامەکانی دەروەی شارو نێو دەشتەکانی کوردستان پێنەزانێت.
هەموو ئەوانە کاتی هاتووە پرسیارێکی هۆشیار کردەوە بن بۆ دەسەڵات تائێستا وەڵامێك بدات بەو خەڵکە، وەڵامێکی یەکلایی کەرەوە بدات بۆ خوێنی هەموو "دوعا" کان.
چونکە ئەمجارەیان کچەکانمان لەدەست باوك و برا درەندەکان خۆیان ناسوتێنن، باوکەکان دوور لە بیرکردنەوەی کۆمەڵکا باوەشتی پر سۆزی بۆ کچەی دەکاتەوە چونکە ئەزانی بەرائەتی کچەکەی لە کوێدایە بۆئەوەی لە دڕندەی و بێویژدانی هەموو ئەو نەخۆشانە بیپارێزێت کە بە خوێنی "دوعا"کان تێنوین، بەڵام مرۆڤە ژەهر تیژەکان و شەشەمەکۆێرەکانی جەهالەت بەو هەڵستەی بابە رازی نابن"دوعا" گیان، دەیانەوێت ژەهری داوێن پیسی خۆیان بە تۆی خونجە برێژن، چونکە ئەوەی تۆ کردوتە بەلای مرۆڤە نەخۆشەکان لە رووخانی پەرستگاکانیشیان خراپترە بۆیە ئەجارەیان تەنها بەگوللە و ئاگر وەڵامی کچەکان نادەنەوە دەیانەوێت بەو هەڵوێستەنا مرۆڤەیان بە "دوعا"کان بڵێن بیرکردنەوەی هەستەکانتان لەویوە تەواو دەبێت کە ئێمە دەمانەوێت نەك وەك ئەوەی ئێوە بیری لێدەکەنەوە دەیانەوێت فێری کرداری تریان بکەن و پشَیان بلێن تەنها ئاگر ناتوانێت جەستەی ئێوە بسوتێنێت ئەوا ئێمەی دەروون نەخۆشیش هەین بۆ کوشتنتان، پێمان دەڵێن ئەوە لەپاڵ بەنزین و نەوت، بلۆك و دارمان هەیە بۆ کوشتنتان.
لەگەڵ ئاشکابوونی باندەکەی شێخ زانا هەرچی تاوانی لەم جۆرە بوون لە ساڵانی ڕابردوو هەمووی خرا ملی شێخ زانا و گروپەکەی، ئەی ئێستا دەبێت چ شێخ زانایێك بێت لە نێو هەموو مانگ و هەفتەکانی ساڵدا تەرمی ئافرەتەکانمان لە پشتی سەیتەرە و شوێنە چۆڵەکان بۆ جێدێڵێت، شێخ زاناکانی وولاتەکەم ئەمجارەیان بە دەوموچاوێکی دیار رۆڵەکانمان تیرۆردەکەن و جەستەیان پارچەپارچە دەکەن و رووتیان دەکەنەوە خۆشیان لە رێگەی سکرینەوە بلاوی دەکەنەوە بۆ تۆقاندنی هەمو "دوعا"یەکان، چونکە ئەزانن ئەو شوێنانە زۆر کەمن بۆ ئەوەی "دوعا"کان خۆیانی بشارنەوەی لەدەست مرۆڤە نەخۆشەکان، وێنەی ئەمجارەی نێو مۆبایلەکان زۆر جاوازە لەهەموو ئەو وێنانەی کە بینیمان بۆیە دەبێت لەدوای بینی سکرینی"دوعا" مۆبایلەکان توورڕ هەڵدەین و بیکەین بە مێژوویەك بۆ شەرمەزاری مرۆڤە نەخۆشەکان و ئەوانەی توێنووی خوێنی سەری "دوعا" کانن، لێرەوە بێدەنگی لەئاست"دوعا" هیچ مانایەك نابەخشێت جگە لە دانپێدانمان بەو ئابرووچونە، ئەوان بەو هەڵوێستە

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 20-5-2007 16:19

پێمان دەڵێن بە بلۆك سەری کچەکانتان پاندەکەینەوە دڵنیاشن لەوە دەسەڵاتێك نیە"دوعا"کان لەباوش بگرن.
دەنگی نووزەو چریکەی"دوعا" دوای دوو هەفتە ئینجا توانی جۆش بەو هەموو ڕێکخراوە بەناو ئافرەتان و ژنان بهێنی و لەخەوی چەندین ساڵەیان هەڵبستێنی و درك بەو کارە بکەن کەوان لە ئەزەلەوە بۆ ئەوە دروست بوونە کە دەنگی"دوعا"کان بن، چونکە دەمێکە ئەوان بیریان لە کارە سەرەکیەکەی خۆیان نەکردۆتەوە کە دەنگی"دوعا"کانە.
ئەوان تا سکرینەکانی "دوعا" بە نێو گیرفانی هەموو کوجە و کۆڵانەکانی شار نەبیندرا بیریان لە هەڵوێست و بێتاوانی"دوعا" نەکردبووە، تا لە مۆبایلی منداڵەکانیان نەیان بینی بەدیار وێنەکان دانەنشیتن بیریان لە بی تاوانی نەکردبووە، ئەوان لە بری ڕشتنی فرمێسك ڕوویان لە دیمەنە ترسناکەکان وەردەگێرا چونکە هەموو کەس ناتوانێت ببێتە شاهید بۆ کوشتنی"دوعا" بە بینینی سکرینەکە، ئەمە دوا میراتی"دوعا"یە بۆ ڕێکخراوەکانی ئافرەتان و مافی مرۆڤ کە بەدیار کوشتنی "دوعا"یەکانەوە دەبنە شاهید تا دواجار زۆر بەشەرمەزارییەوە موبایلەکلنیان بخەنە گیرفانیانەوە، ئەمجارە لە پری پارە خوێن لە باغەڵەکان ئەتکی و پارەکانیان سوور سوور بووە بە خوێنی ئەو "دوعا"یەی کە تەنها لەبەر هەستێکی ناسکی بە بلۆك سەریان پانکردەوە.
کوا دەسەڵات کوا حکومەت و پەلەمان کوا داکۆکیکی کەرەکانی "غسل عار" ئەی کوا لە کوێن ووتار نووسەکانی"دوعا"یەکان بۆ دەبنە شاهیدی بینی ئەو تاوانەی مرۆڤە کوژەیەی کە هەر ئەوان دەتوانن سەیری بکەن، بەوەش ناوەستن دێن جارێکی تر سووکایەتی بە "دوعا" دەکەنەوە بەوەی بزانن ئایا" کچە یا بۆتە ژن"، لەبیریان چوون تەنها ئەوەی "دوعا" بەرووتی بینیووە و ئەوانەی لە بەردەم مۆبایلەکان ڕووتیان کردبووە بە بلۆك سەریان پانکردبووە بەس نەبوو بۆ سوکایەتی پێکردنی، کوا مرۆڤ بەرگەی ئەو بلۆکانە دەگرێت کە دەیکێشن بەسەری و پشتیدا ئینجا دواتر بیهێنی فحسی بکەیتەوە خۆ ئەو بلۆکە جگە لە جەستەی ڕۆحیش پر لە خۆێندەکات، دیارە بەدووبارە دەرهێنانەوەی هێشتا کۆڵی دڵیان تێر ئاو نەبووە شمشەمەکوێرە"دوعا" کوژەکان، "دوعا" لەسەر شەرەف بە حیساب کوژرا بەڵام لە دوا هەناسەیدا جلەکانی ئەهێنی بەسەر لەشی ڕووتی و خۆی پێدادەپۆشی.
ئەمەیە بیر کردنەوە لە لێپرسینەوەیە لە کێشەکان هەی سەت ئافرین بۆ خۆتان و بیرکردنەوەتان.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.